

# دروستکردنی ماڵپەڕێکی بچووک بە فلاش

هونەر ئەمین - سلێمانی

زانستپەروەرانی کورد ٢٠٠٥ www.zkurd.org

## پێشەکی:

لەوە ناچێت پرۆگرامەکانی دروستکردنی ماڵپەڕ و ڕێگاکانی دروستکردنی لە ژماردن بێن، ئەوەندە زۆرن و هەر یەکێکیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. پرۆگرامی فلاش یەکێکە لەو پرۆگرامانەی کە ماڵپەڕی بە شێوەیەکی ئاسان پێ دروست دەکرێت. تایبەتمەندیی فلاش ئەوەیە کە بە یەک (پەڕگە File) ماڵپەڕێکی تەواو درووست بکەیت، بەڵام لە پرۆگرامەکانی تر ماڵپەڕ لە چەند (پەڕگەیەکە File) دروست دەبێت.

## ڕوونکردنەوەیەک:

ئەگەر بە گشتی سەیری ماڵپەڕ بکەین بریتییە لە چەند (پەڕگە File)یەک، ئەم پەڕگانە پێکەوە گرێ دراون بۆ ئەوەی لە پەڕگەیەکەوە بچیت بۆ (پەڕگە File)یەکی تر، بۆ ئەمەش پێویستە چەند (دوگمەیەک Button) دروست بکەیت وە کاتێک کرتە [click لە دوگمەکە بکەیت بچیتە (پەڕگە File)یەکی تر، هەروەها هەموو پەڕگەکانی تریش بە هەمان شێوە. بەڵام ئەم کارەی کە لەم ڕاهێنانە ئەنجام دەدرێت تەنها لە یەک (پەڕگە File) پێک هاتووە. ئەم پەڕگەیەش بریتی یە لە چەند بەشێک و بە دروستکردنی دوگمەکان لە بەشێکەوە دەچێت بۆ بەشێکی تر.

## پاشبنەما / Background:

ئەگەر پرۆگرامی فلاش بکەیتەوە، خۆی درێژی و بەرزیی پەڕگەکەی بۆ دیاری کردووت بە ٥٥٠ پانی و ٤٠٠ بەرزی، بەڵام ئەمە بۆ ماڵپەڕێک بچووکە، لەبەرئەوە پێویستە پێش هەموو کارێک درێژی و بەرزی بگۆڕین. لە بەشی سەرەوەی کرتە(click) و پاشان لە (Document) کلیک بکە یان (Ctrl + M).

پەنجەرەیەکی بچووک دەکرێتەوە، کە شوێنی درێژی و بەرزیی بۆ دیاری کردووت. درێژییەکەی بگۆڕە بە (٧٦٨) و بەرزییەکەی بکە بە (٥٣٠). ئەتوانیت خۆت ژمارەیەک دانێیت ئەگەر پێت خۆش بوو گەورەتر یان بچووکتر بێت. لە هەمان پەنجەرە (پاشبنەما Background)ی بە ڕەنگی سپی بۆ دیاری کردووت، دەتوانی بیگۆڕیت.

کرتەیەک لە سەر ڕەنگە سپییەکە بکە پەنجەرەیەکی بچووک دەکرێتەوە، زۆربەی ڕەنگەکانی تێدایە، کاتێک (مشک Mouse)ەکە بەسەر هەر ڕەنگێکدا بهێنیت، لە چاڵێکی بچووک کۆدی ڕەنگەکەت بۆ دەنووسێت، واتە خۆشت دەتوانیت لە جیاتی ئەو ڕەنگانە کۆدی ڕەنگێک بنووسیت. تۆ لەم ڕاهێنانە ئەم کۆدە بنووسە: (#DCE9BA)، کە ڕەنگێکی فستقیی کاڵە، پاشان کرتە لە (Ok) بکە.




## داڕشتن (Design):

زۆربەی ماڵپەڕەکان بە چەند بەشێک چێ دەکرێن، بەتایبەتی لە سێ بەش: (بەیداخ Banner)، بەشێک بۆ (دوگمە Button)، بەشێک بۆ ناوەرۆکی پەڕەکە.

کەواتە پێویستە لە بەشی سەرەوە بەیداخێک هەبێت بۆ ئەوەی ناوی ماڵپەڕەکەی تێدا بنووسیت. دروستکردنی بەیداخ دەکەوێتە سەر دەسترەنگینی خۆت، دەتوانی وێنە بەکار بێنیت، دەشتوانیت لە ڕەنگێک یان چەند ڕەنگێک دروستی بکەیت. ئەگەر وێنە بەکار بهێنیت، پێویستە پێشتر وێنەکەت ئامادە کردبێت، پاشان لە بەشی سەرەوە و لەسەر (پەڕگە File) و پاشان (بیهێنە Import) کرتە بکە، پەنجەرەیەکت بۆ ئەکرێتەوە، کە دەتوانیت لە ڕێگەیەوە وێنەکە بدۆزیتەوە و بیهێنیتە ناو پرۆگرامەکەوە.

دوای ئەوەی وێنەکە هاتە ناو پرۆگرامەکە، دەتوانیت لە بەشی سەرەوەی پەرەکە دایبنێیت بە شێوەیەک کە لە چوارچێوەی پەرەکە دەرنەچێت. پاشان دەتوانیت ناوێک لەسەر وێنەکە بنووسیت، من لە وێنەکەدا نووسیومە (My Website) لە شوێنێکی تریشدا نووسیومە (Bexêr Bên Bo Mallperrekem).




ئەو بەشە بەتاڵەی کە ماوە بە ستوونی ئەیکەین بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بۆ ناوەڕۆک و بەشەکەی تر بۆ دوگمەکان. لە بەشی ڕاستەوە کە بۆ دوگمەکان دای ئەنێیت، لاکێشەیەک درووست بکە، بە شێوەیەک لە بەیداخەکەوە دەست پێ بکات تاکوو خوارەوەی لاپەرەکە، بەڵام لە لاپەرەکە دەر نەچێت.

ئەتوانیت خۆت ڕەنگێکی بۆ هەڵبژێریت، هەروەها بۆ چوارچێوەکەشی وەک ئەم وێنەیەی خوارەوە.




ئەتوانیت بەشی ناوەڕۆک بێ دەستکاریکردن بەجێ بهێڵیت و یەکسەر دەقێکی تیا بنووسیت، بەڵام پێم باشە لە ناوەڕاستی ئەویشدا لاکێشەیەک بە ڕەنگی سپی درووست بکەیت، جوانتر ئەبێت.




بۆ ئەوەی بینەر بزانێت کرتە لە کوێ بکات، پێویستە بۆ هەر دوگمەیەک وشەیەک بنووسیت، بۆ نموونە: ماڵەوە، گەلەری، بەستەر، پەیوەندی و هتد. بەڵام جوانتر وایە کە وشەکان لە ناو چوارچێوەیەک یان چوارگۆشەیەکدا بن. بۆیە پێش نووسینی وشەکان چوار لاکێشە لە سەروو یەکتر و بەرێکی لە بەشی ڕاست درووست بکە بە ڕەنگێکی جیاواز. من بۆ نموونە ڕەنگی جەرگیم هەڵبژاردووە و چوارچێوەکەی سپی.







ئێستا پێویست دەکات لەسەر هەر لاکێشەیەک کە درووستت کردووە، وشەیەک بنووسیت. (Mallewe، Mosîqa، Bester، Peywendî) وەک ئەم وێنەیەی سەرەوە.

## دوگمە:

دوای ئەوەی دوگمەکانت دروست کرد، دوو هەنگاوی تر ئەمێنێ بۆ ئەوەی کاری تەواوی خۆیان بکەن. یەکەمیان پێویستە هەر لاکێشەیەک بە جیا بکەیت بە هێمای دوگمە، دووەم هەنگاو لە بەشی (Action) ئەویش بۆ ئەوەی کە کرتە کرا لە سەری چی بکات.

یەکەم هەنگاوی دوگمە:

کرتە لەسەر یەکەم لاکێشە بکە کە لەسەری نووسراوە (Mallewe) پاشان لە بەشی سەرەوە کرتە بکە لە (تێخستن Insert) و پاشان (بیگۆڕە بۆ هێما Convert to Symbol). پەنجەرەیەکی بچووکت بۆ ئەکرێتەوە، لەوێ بەشی دووەم کە (دوگمە Button) نووسراوە هەڵبژێرە و پاشان کرتە لە سەر (OK) بکە. بە هەمان شێوە لاکێشەکانی تریش بگۆڕە بۆ هێمای دوگمە.

## (کات هێڵ Timeline):

١. هەنگاوی یەکەم:

تا ئێستا ئەم کارانەی کردووتە هەموویان لەسەر یەک (چین Layer) لە ناو (کات هێڵ Timeline) و لەسەر (چوارچێوەی ١ / Frame 1) دروست کراون. لەسەر هەمان کات هێڵ کە وێنەکەی تێدایە لەسەر (چوارچێوەی ٨٠ / Frame 80) کرتەیەک بکە و پاشان یەک جار لەسەر (تەختەکلیل Keyboard)ەکەت پەنجە بنێ بە (F5). بەم کارە وێنەکە لەسەر کات هێڵ تا ژمارە (٨٠)درێژ دەبێتەوە.

چەند دوگمەت لای خۆت دروست کردبێت، پێویستە لە کات هێڵیش ئەوەندە بەشت هەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە لەناو (کات هێڵ Timeline) بەرگێکی تر دروست بکەیت بۆ ئەوەی لەسەر کات هێڵەکەش چوار بەش دروست بکەیت و لەسەر هەر بەشێکیش ناوێکی بۆ دابنێیت.

لە بەشی سەرەوە کرتە لەسەر (تێخستن Insert) و پاشان (چین Layer) کرتە بکە. لە بەشی (کات هێڵ Timeline) بەرگێک زۆر بوو، کە خۆی ناوی ناوە (Layer 2).




لەم بەرگە پێویستە (کات هێڵ Timeline) بکرێت بە چوار بەشەوە لەبەر ئەوەی چوار دوگمەت دروست کردووە، بۆ ئەمە لەسەر (چوارچێوەی ٢٠ / Frame 20) کرتە بکە و پاشان لەسەر (تەختەکلیل Keyboard)ەکەت پەنجە بنێ بە (F7). بەهەمان شێوە لەسەر (چوارچێوەی ٤٠ و ٦٠ Frame 40، 60) هەمان کار بکە.



٢. هەنگاوی دووەم:

هەنگاوی یەکەم هەرچییەکت کردووە، جارێکی تر دووبارەی بکەرەوە. واتە لەسەر (کات هێڵ Timeline) دیسان (چین Layer)ێکی نوێ دروست بکە، کە خۆی ناوی ئەنێت (Layer 3).

لە (کات هێڵ Timeline) لەسەر (چینی دووەم / Layer 2) و لەناو (چوارچێوەی ١ / Frame 1) کرتەیەک بکە، پاشان لەناو لاپەڕەکە، لە بەشی ناوەڕۆک کە دات ناوە بۆ ئەوەی بابەتی تێدا بنووسیت، واتە ئەو بەشەی ڕەنگەکەیت سپی کرد. دەقێک بنووسە، من نووسیومە (Eme beshî yekeme کە لەم وێنەیەی خوارەوەدا دیارە). تۆ ئەتوانیت شتێکی تر بنووسیت. پاشان هەمان کار بکەرەوە لە (چوارچێوەی ٢٠ Frame 20) بەڵام دەقێکی جیاواز بنووسە و لە دەقی یەکەم نەچێت. پاشان هەمان کار لە (چوارچێوەی ٤٠ Frame 40) و (چوارچێوەی ٦٠ Frame 60) دووبارە بکەرەوە، بەڵام هیچ کامیان دەق و نووسینەکانیان لە یەک نەچێت.




## دووەم هەنگاوی دوگمە:

وەکوو لە سەرەوە نووسرابوو، دووەم هەنگاو بۆ تەواوکردنی دوگمەکان لە بەشی (Action)دایە، ئەویش بۆ ئەوەیە کاتێک لەسەر دوگمەیەک کرتە کرا، چیمان بۆ بکات. لە (کات هێڵ Timeline) لەسەر (چینی سێیەم / Layer 3) و لەناو (چوارچێوەی ١ / Frame 1) کرتەیەک بکە، پاشان لە بەشی خوارەوەی پرۆگرامەکە لەسەر هێڵێک بە ڕەنگی

خاكی لەسەری نووسراوە (تایبەتمەندییەكان Properties)، ئەگەر هەبوو كرتەیەك لەسەر هێڵەكە بكە، ئەگەر نەبوو لە بەشی سەرەكی كرتە لە (Windows) و پاشان (تایبەتمەندییەكان Properties) بكە، یان (Ctrl + F3).

لە بەشی (تایبەتمەندییەكان Properties) چەند هەڵبژاردەیەكمان هەیە كە كراون بە سێ بەشەوە:

بڕوانە وێنەی سەرەوە.

## (Frame):

(لەم بەشە ئەتوانیت ناوێك دانێیت بۆ ئەو (Frame) كە لەسەر هێڵی كاتەكە دانراوە، سوودی بۆ ئەوەیە لە كۆد و بەشی چالاكییەكان بەكاری بێنیت).

## (Tween):

(ئەم بەشە بۆ گۆڕانكاریكردنە بە وێنەكان چ (Movie Clip) یان (Button) یان (Graphic) بن.

(Sound)(ئەم بەشە بۆ دانانی دەنگ و وەستانی دەنگەكانە و هەروەها گۆڕینیان).

ئەگەر ئەم سێ بەشەی كە باسم كردن دیار نەبوون، لە (كات هێڵ Timeline) لەسەر (چینی سێیەم Layer 3) و لەناو (چوارچێوەی ١ Frame 1) كرتەیەك بكە ئەوەی ئێمە ئێستا لێرە پێویستمانە بەشی خانەی (چوارچێوە Frame)یە لەناو (تایبەتمەندییەكان Properties)، كە خۆی لە چاڵێكدا بە ڕەنگێكی كاڵ تیایدا نووسراوە ( )، كرتەیەكی لێ بكە و پاشان تێیدا بنووسە (Dugmey yekem). پاشان هەمان كردار لە (كات هێڵ Timeline) لەسەر (چینی سێیەم Layer 3) و لەناو (چوارچێوەی ٢٠ Frame 20) بە ناوی (Dugmey dwem) و (چوارچێوەی ٤٠ Frame 40) بە ناوی (Dugmey seyem) و (چوارچێوەی ٦٠ Frame 60) بە ناوی (Dugmey chwarem) دووبارە بكەرەوە. ئێستا ئەگەر سەیری (كات هێڵ Timeline) لەسەر (بەرگی سێیەم Layer 3) بكەیت، هەر چوار بەشەكە لە سەر ژمارە ١، ٢٠، ٤٠ و ٦٠ ئاڵایەكی سووری بۆ داناوە و ناوەكانیش كە نووسیت لەوێ دەركەوتوون. واتە ئەبێت كارەكانت وەك ئەم وێنەیە دەر بكەوێت.




## (Actions):

لە بەشی خوارەوەی پرۆگرامەكە لەسەرهێڵێك بە ڕەنگی خاكی لەسەری نووسراوە (Actions-Frame)، ئەگەر هەبوو كرتەیەك لەسەر هێڵەكە بكە، ئەگەر نەبوو لە بەشی سەرەكی كرتە لە (Windows) و پاشان (Actions) بكە، یان (F2).

لە فلاشی ٦ بە دوو شێواز ئەم بەشە ئەبینیت، بەڵام لە فلاش ٧ واتە فلاشی ٢٠٠٤ بە یەك شێواز ئەیبینیت. ئەگەر فلاشی ٦ بەكار دەهێنیت، لەم بەشەدا و لە لای ڕاست دوگمەیەكی بچووكت هەیە، كە لێی نووسراوە (ڕێكخستنەكان پیشان بدە View Options) وەكوو لە وێنەی سەرەوەدا دیارە، كرتەیەكی لێ بكە و پاشان (Expert Mode) كرتە بكە.ئێستا كرتەیەك لە لاكێشەی یەكەم بكە كە لەسەری نووسراوە (Mallewe)، پاشان لە بەشی (Actions) ئەم چەند دێرە بنووسە:

```
on (release) {
gotoAndPlay(«Dugmey yekem");
}
```

ئەمە مانای ئەوەیە: هەر كاتێك لەسەر ئەم لاكێشە كرتە بكرێت، لەناو (كات هێڵ Timeline) بڕوات بۆ ئەو (چوارچێوەیەی Frame) كە ناومان لێ نا (Dugmey yekem).

تێبینی: هەر هەڵەیەك لەم كۆدەدا بكەیت، كارەكانت هیچی سەركەوتوو نابێت. ئەگەر پیتێك بە گەورە نووسرابوو پێویستە تۆش بە گەورە بینووسیت.

پاشان كرتەیەك لە لاكێشەی یەكەم بكە كە لەسەری نووسراوە (Mosîqa) ، پاشان لە بەشی (Actions) ئەم چەند دێرە بنووسە:

```
on (release) {
gotoAndPlay(«Dugmey dwem");
}
```

ئەمە مانای ئەوەیە: هەر كاتێك لەسەر ئەم لاكێشەیە كرتە بكرێت، لەناو (كات هێڵ Timeline) بڕوات بۆ ئەو (چوارچێوە Frame)یەی كە ناومان لێ نا (Dugmey dwem).

ئەم جارە كرتەیەك لە لاكێشەی یەكەم بكە كە لەسەری نووسراوە (Bester) ، پاشان لە بەشی (Actions) ئەم چەند دێرە بنووسە:

```
on (release) {
gotoAndPlay(«Dugmey seyem");
}
```

ئەمە مانای ئەوەیە: هەر كاتێك لەسەر ئەم لاكێشە كرتە بكرێت، لەناو (كات هێڵ Timeline) بڕوات بۆ ئەو (چوارچێوە Frame)یەی كە

ناومان لێ نا (Dugmey seyem).

لە کۆتاییدا کرتەیەک لە لاکێشەی یەکەم بکە کە لەسەری نووسراوە (Peywendi)، پاشان لە بەشی (Actions) ئەم چەند دێرە بنووسە:




```
on (release) {
gotoAndPlay("Dugmey chwarem");
}
```

ئەمە مانای ئەوەیە: هەر کاتێک لەسەر ئەم لاکێشەیە کرتە بکرێت، لەناو (کات هێڵ Timeline) بڕوات بۆ ئەو (چوارچێوە Frame)یەی کە ناومان لێ نا (Dugmey chwarem).

ئێستا ئەتوانیت هەرچییت کردووە تاقی بکەیتەوە بزانیت چۆن دەر چووە. ئەویش بە: تەختەکلیلەکەت (Ctrl + Enter)، یان لە بەشی سەرەکی لەسەر (Control) و پاشان (Test Movie) کرتە بکە.

ئەگەر کارەکانت تا ئێستا بە سەرکەوتوویی کردبێت، ئێستا پەڕەکە بە جوانی ئەکرێتەوە، بەڵام کێشەیەک درووست ئەبێت، ئەویش بێ ئەوەی کرتە لە دوگمەکان بکەیت، خۆی بە ناو هەر چوار بەشەکەدا ئەڕوات بێ وەستان. کەواتە پێویستە لە کاتی کرتەکردندا لەسەر دوگمەکان پێویستە بۆ هەر دوگمەیەک بچێت، بوەستێت.

لە (کات هێڵ Timeline) لەسەر (چینی سێیەم Layer 3) و لەناو (چوارچێوەی ١ Frame 1) کرتەیەک بکە، پاشان لە (Actions) ئەمە بنووسە:

```
stop();
```

پێویستە ئەم کۆدە لە هەموو (چوارچێوە Frame)کانی ٢٠، ٤٠ و ٦٠ دووبارە بکەیتەوە.

ئێستا دووبارە ئەتوانیت هەرچییت کردووە تاقی بکەیتەوە بزانیت چۆن دەر چووە. ئەویش بە: تەختەکلیلەکەت (Ctrl + Enter)، یان لە بەشی سەرەکی لەسەر (Control) و پاشان (Test Movie) کرتە بکە.

ئەگەر هەموو کارەکانت بە سەرکەوتوویی ئەنجام دابێت، ئەوا ماڵپەڕێک بۆ خۆت درووست کردووە و بەجوانی کار دەکات.

**داگرتن:**

بۆ هەر هەڵەیەک یان تێنەگەیشتنێک ئەتوانیت ئەم (پەڕگە File)یە داگریت، بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ کارەکانی خۆت.

http://www.zkurd.org/huner/images/mallperr.zip

## نووسەرانی بەڕێز بۆ ناردنی بابەتەکانیان، تکایە سەرنجی ئەم خاڵانەی خوارەوە بدەوە:

**گۆڤاری گەیاندن ئەم بوارانە لەخۆ دەگرێت:**

١. سیستەم و جۆری بگۆڕەکان بە هەموو جۆرەکانی (نۆرماڵ، مۆبایل، وایەرلێس)

٢. ئنتەرنێت و جۆرەکانی ISP

٣. IT بە هەموو بوارەکانی

٤. ترانسل و مایکرۆویف

٥. تۆڕی کێبلات: دەنگی، کێبلی ڕوناکی

٦. پۆستە

٧. کاریگەری گەیاندن لە سەر لایەنەکانی ژیان.

**لە نوسینی بابەتەکان ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:**

١. ئەگەر بابەتەکەت وێنەی پەیوەست بە بابەتەکەی هەبوو، باشتر وایە بنێری با لە ناو فۆڵدەرێکی جیا بێت و لە ناو نوسینەکەشت ئاماژە بە شوێنی وێنەکە پێ بکەی.

٢. نوسینەکان با بە فۆنتی زانست بێت(بە پرۆگرامی «MS Word» بابەتەکە بنوسەوە).

٣. ئەگەر بابەتەکە وەرگێردراو بوو، ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت، و ناوی نوسەری سەرەکی بنوسرێت و دەقەکیبابەتەکەش بنێرن.

٤. هیچ بابەت و وێنەیەک ناگەڕێنتەوە، و ئەبێتە موڵکی ئەرشیفی گۆڤار.

٥. ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەی تر بلاو کراوەنەتەوە، تکایە بۆ گۆڤاری گەیاندنی مەنێرن.

نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن پەیوەندی بە بەشی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندنی وەزارەت بکەن.یا خود بە ئیمەیلی info@moc-krg.com بابەتەکانیان بۆمان بنێرن.

تێبینی: هەر بابەتێک کە بلاو بکرێتەوە، نووسەرەکەی پاداشت دەکرێت.